کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:17 30-12-2006

لە کاتی سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا، دەرکەوت نەك تەنها عەرەبی شیعەو سونەی عێراق، بەڵکو هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە سەرۆك بارزانییە

## مەسعود بارزانی زەرووەرتی مێژووە ... مام زۆراب

سەرۆك بارزانی لە وەختێکدا چوو بۆ بەغدا کە لە گەڕەکەکانی بەغدا، ئەو گەڕەکەی شیعەی زیاتر



بوایە بە ئاگری تفەنگ سونەیان دەردەکرد، بە پێچەوانەشەوە ئەو گەڕەکەی سونەی زیاتر بوایە شیعەیان دەردەکرد، هەروەسا فڕۆکەخانەی بەغدا داخرابوو، بە کوردیو بە کورتی بارودۆخی بەغدا بە شێوەیەك بوو، ئەوەندە ئاڵۆزبوو ئەگەر سەرۆکێکی نەتەوەیی وەکو بارزانی نەبوایە، دڵنیام کەس جورئەتی ئەوەی نەدەکرد لە کوردستانی ئارامەوە ڕوو بکاتە ناو ئەو ئاگرەی کە شیعەو سونە لە بەغدا دایانگیرساندبوو، بەڵام چونکی حیکمەتی بارزانی زۆر گەورەیە، چونکی مەبەستی زۆری بوو کە ئەو خوێنەڕێنیوان شیعەو سونە چیتر پەرە نەستێنێت و ئەو توندو تیژییە لەم کاتە پڕ مەترسییە کەم بکاتەوەو ئومێدێك بخاتەوە دڵی هەموو ئەو خەڵکەی کە لە بەغدا ژیان دەگوزەرێنن، ئیتر ڕووی لە بەغدا کردو، هەوڵەکانی خۆی بۆ کەمکردنەوەی ئەو خوێنڕشتنە چڕکردەوە و هەموو چین و هێزو لایەنەکانیش گوێیان لەو سەرۆکەی کوردستان دەگرت کە وەکو ماندێلایەك وابوو لە خەمی خوێنی خەڵکی بێ گوناهدابوو، وەك چۆن عەرەبێکی بەرپرسی لایەنێکی سیاسی لە بەغدا دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، وتی سایکۆلۆژییەتی خەڵکی ئەم عێراقە پڕە لە توندوتیژی، سەیرە سەرۆکێکی ئاوەها ئاشتیخواز کە دڵی پڕە لە لێبووردەیی و ئاشتەوایی لە نێو ئەم توندوتیژییە دروست بووە، ئینجا وتی دڵنیام سەرۆك بارزانی خەڵاتی نۆبل بۆ ئاشتیوەردەگرێت و سەری نەك تەنیا کورد بەتەنها بەڵکو هی هەمووعێراق و تەنانەت ناوچەکەش بۆ دونیا بەرز دەکاتەوە، بۆیە من لە ئێستاوە دەڵێم بە ڕاستی بارزانی ماندێلای کوردە یان باشتر بڵێم بارزانی ماندێلای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك چۆن ماندێلا هی هەمووو ئەفریقیایە.

ئەمە پێشەکییەکی کورت بوو بۆ نیازو مەرام و نەخشەی بارزانی کە چەندە عەودالی ئاشتەواییە، چەندە حەزی لە پێکەوە ژیانە، هەر ئەم عەودالییەشی بوو کە چەندجارێك لە بەغدا دەیفەرموو بڕواننە ئەو هەرێمەی کوردستان، چۆن لە دوای ڕاپەڕینەوە توانیمان گیانی لێبووردەیی قووڵبکەینەوەو ڕێگەش لە خوێنڕشتن بگرین. تەنانەت توانیمان باشترین نموونە پێشکەش بکەین بۆ ناوچەکەش. ئەوکاتیش ئەگەر سەرۆك بارزانی نەبوایە ئەم نموونەیە نەدەهاتە ئاراوە، چونکە زۆر زاراوەی تۆڵە بە سەربرە ئەمما بەزەبرە و.... هتد پەنگی دەخواردەوە، بەڵام لێرەیە کە سەرۆك سەرۆکایەتی خۆی پردەکات لە حیکمەت و دەبێتە سەرۆکێکی کاریزمایی ومیللەت بەرەو قۆناخێکی دیکە دەبات.

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە سەرۆك بارزانی زۆر ڕاشکاوانە بۆ گەلەکەی خۆی دەدوێ، ئەوەی لەناو دڵییەتی لەسەر زاریتی، باشترین نموونەش ئەو وتارە پڕ بایەخەی بوو کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێشکەشی کردو لە پەرلەمانی کوردستان کە گەورەترین دەزگای شەرعییە، پەیامی خۆی ڕاگەیاند.

ئەو پەیامە بۆ زۆر لایەن بوو، بۆ کورد بوو، بۆ لایەنە سیاسییەکانی عێراق بوو، بۆ وڵاتانی ئیقلیمی بوو، بۆ ئەمریکابوو، بۆ رای گشتی بوو، پەیامێك بوو لە کاتی خۆیدا بوو، ئا لێرەیە کە سەرکردە دەبێتە سەرکردەو سیمبول و... تد. ئا لێرەیە کە گەل و میللەت پێویستیان بە سەرکردەیەکی کاریزمی ئەوتۆ دەبێت کە لە نەهامەتییە قووڵەکان رزگاریان بکات و ئایندەیەکی گەشیان بۆ مسۆگەر بکات، دڵنیام ئەگەر هێژا مەسعود بارزانی لەو بارودۆخە دژوارەی کە کوردی پێدا تێپەردەبێ، سەرۆکی کوردستان نەبوایە، دوژمنان ئەوەندە سڵیان نەدەکردەوە، بەتایبەت وڵاتانی ئیقلیمی و ئینجا ئەو هەموو هێزو لایەنە نەیارەی کە لە عێراقدا بە فیتی دوژمنانی کورد رەفتار دەکەن، بەڵام کاتێك سەرۆك بارزانی لە ناو بەغدا، بۆچوونەکانی خۆی دژ بە راپۆرتی بەیکەر-هامیلتۆن راشکاوانە دەردەبڕێت، نەك هەر هێزو لایەنەکانی ناو عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی، بەڵکو سەرۆکی گەورەترین زلهێزی دونیا کە جۆرج بۆشە، بەرامبەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەرۆك بارزانی ناچار دەبێت دەست بۆ تەلیفۆنەکەی ببات و بە شێوەیەك قسە لەگەڵ سەرۆك بارزانی بکات، کە دڵنیایی پێبدات و پێی رابگەیەنێت کە هەموو دەستکەوتەکانتان پارێزراون.

دڵنیام ئەگەر سەرۆکێکی ترمان هەبوایە، ئەو هەموو حیسابەی بۆ نەدەکرا، بەڵام هەموو لایەك دەزانن کە سەرۆك بارزانی هیچ مەبەستێکی زاتی و نادروستی نییە، بەڵکو هەموو مەبەستی بارزانی خزمەتکردنی میللەتە بە باشترین شێوە، هەر ئەم هەڵوێستانەیەتی وای لە گەلی کوردستان بە کەمە نەتەوەییەکانیشەوە، بارزانی بە سەرۆکێکی هاوچەرخی خۆیان بزانن، چونکە بە کردەوە دەرکەوتووە، بارزانی زۆر جار داکۆکی زیاتری لە نەتەوەکانی وەکو تورکمان، مەسیحی، ... هتد کردووە، کە مەسیحیو تورکمانەکان خۆیان ئاوا داکۆکی لە خۆیان ناکەن، وەك ئەوەی بارزانی دەیکات.

لێرەوە هەوڵدەدەم وردە وردە لەو حەقیقەتانە نزیك ببمەوە کە بارزانی لەو سەفەرەی بۆ بەغدا نواندی، کە جارێکی تر کوردی لە چەندین میحنەت دەرباز کردووە، دەیان گرێکوێرەی لە نێوان هەولێرو بەغدا کردەوەو، بە شێوەیەك ئێستا عەرەبەکانیش لە کەسایەتی کاریزمی سەرۆك بارزانی گەیشتوون و دەزانن چ تواناو هێزو قودرەتێك لەو سەرۆکە کۆ بۆتەوە.

لە بەشی دووەمی ئەم وتارەمدا هەوڵدەدەم خاڵ بخەمە سەر پیتەکان و بە وردی لێی بدوێم.